**Kurdish Human Rights Association**

له ٢٧ ی مانگی ئوکتوبەری ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان له عێراق بریاری دا که یاسای فرەژنی (بەسنووردارکراوی) بمێنێتەوه. ئەم بریاره ترسنوکانه که دژ به ژنانی کوردستان و مافی مروڤه حەکایەت له بێ دەسەڵاتی و جەبوونی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان له عێراق دەکا که هێشتا گوێ لەمستی کۆنەپەرستان وسونەتەکانی دواکەوتوی هەرێمەکەن.

بریارەکه ئەوه دەردەخا که سێبەری رەشی بۆچوونی عەشیرەیی ، مەزهەبی ، عەرەبی ، کۆنەپەرستی ، و دژ بەژنی باڵی بەسەر ئەو کۆمەڵگایه دا کێشاوه و به هەموو توانایەوه دژ به هەر پێشکەوتنێک که بێته ئاراوه رادەوەستێ .
سەیر ئەوەیه که لەو پەرلەمانه که زۆرینەی ئەندامانی خۆیان به سۆسیالیست ، کۆمۆنیست پێشکەوتوخواز و دیمۆکرات!! و یا لانیکەم خۆی به سۆسیال دیموکرات دەزانێ، بۆچونی وەها نادیمۆکراتیک دەخرێته رۆژەڤ و دەستوری کاریان.
بەڵام ئەم هه ڵوێسته کۆنەپەرستانه دەریخست که هەمو ئەو شتانەی که ئەحزاب و ئەندامانی ئەوان له دەرەوه و له ناو پەرلەمان تەبلیغی بۆ دەکەن تەنیا بۆ چەواشه کردنی گەڵ له ناوخۆدا و ووڵاتانی دەرەوەیه و بەس ، بۆخویان باوەریان تەنانەت به ووشەیەکیشی نییه.
ئێمه بەراشکاوی داوا دەکەین که پەرلەمانی کوردستان ئەم بریاره نا موبارەکه هەڵوشێنێتەوه و بێ ئەما و ئەگەر یاسای دژ به فرەژنی پەسەند بکا.
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد له ئەوروپا پەرلەمانی کوردستان ووشیار دەکاتەوه که ئەگەر ئەم بریاره بۆگەنه که دژ به ژن و مرووڤایەتییه له ئارا ڕانەکا به هەموو تواناوه له ئەوروپا هەوڵی ریسوا کردنی ئەم بریاره دەدەین و پەرده لەسەر روالەتی راستەقینەی پەرلەمانی کوردستان لادەدەین.
ئێمه هەموو ژنانی ئازاده و تێکۆشەری کوردستان و بەتايبەت ژنانی تێکۆشەری باشوری کوردستان دڵنیا دەکەین که بەهەموو تواناوه دەگەڵیان دەبین و ئامادەین بۆ بەشداری کردن لەهەر حەرەکەتێکی دیمۆکڕاتیک که ئەوان بانگەوازی بۆ بکەن.
دڵنیاشیان دەکەین که ئێمه له هەموو ئەوروپا له پەیوەندی دەگەڵ پەرلەمانەکانی ئەوان, کانالی ریسوا کردنمان هەیه بۆ ئەو بریاره چەپەڵەی سەدەی جاهیلییەتی که ئەگەر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوه پەسەند بکرێت.

٢٠٠٨١٠٢٩